ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
60
25 ی مایس/ مەی 2023



## پرسی کورد لەنێوان شۆڤینیزمی ئیسلامی و شۆڤینیزمی ناسیۆنالیستیدا!

**موحسین کەریم**

لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی تورکیادا، دوو بەرەی بەهێز، کە لە جەمسەرێکیاندا شۆڤێنیزمی ئیسلامی تورکی و لە جەمسەرەکەی دیکەیاندا شۆڤێنیزمی ناسیۆنالیستی تورکی وەستاوە، دەبینرێن. ئەمریکاو رۆژاوا بەهەموو ئیمکاناتێکی سیاسی و ڕاگەیاندنەوە لەپشتی بەرەی ناسیۆنالیستە تەقلیدیەکانی تورکەوە وەستاون کە کەمال کلیچدار ئۆغلۆ نوێنەرایەتی دەکات. ئامانجیان لەم پشتیوانیە، لەهەلومەرجی ئێستای جیهاندا، شکستهێنانی ئۆردوگان و دورخستنەوەی تورکیایە لە جەمسەری ڕوسیاو چین. هەروەکو روسیا لەپشتی سەرخستن و مانەوەی ئۆردوگانە لە پۆستی سەرۆکایەتی وولاتدا، لەبەرئەوەی سەرەڕای ئەندامبوونی تورکیا لە پەیمانی ناتۆ، بەڵام لەسەر دەستی ئۆردوگاندا بەکردەوە لەبەرەی ڕوسیاو چین هەژمار دەکرێ و بوەتە مایەی سەریەشە بۆ ئەمریکاو وولاتانی ئەوروپا.

بێگومان ئەوەندەی پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیشی تورکیاوە هەیە، هیچ کام لەم دوو لایەنە نەیارو ڕکابەرە و سیاستەکانیان بەقەدەر سەرە دەرزیەک نزیکایەتی نیە لەگەڵ خواست و ئومێدەکانی ئەواندا بۆ چارەسەری گرفتە ئابوریەکان و هەژاری لەڕادەبەدەر و باشبوونی ژیان و گوزەران و فراوانبوونەوەی ئازادیە سیاسیەکان، کە هەرئێستا کۆمەڵگای تورکیاو جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش لە خراپترین هەلومەرجدا ژیان بەسەر

بۆ لاپەڕە ٢

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندوە کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆیان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆیان دەستنیشان بکەن!**



## لە پەراوێزی پێشنیاری یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتیدا!

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٣



## باسی تاوانەکانی نەوشیروانیش بکەن؟


**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە ٥

## ژەهراویکردن لەبری بەکارهێنانی فیشەک

**عوسمانی حاجی مارف**

بۆ لاپەڕە ٤



## هەڵبژاردنی بۆرژوازی زەوتکردنی ئیرادەی جەماوەری چەوساوەیە!

**ئیبراهیم حسین**

بۆ لاپەڕە ٧

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## درێژەی......پرسی کورد لەنێوان شۆڤێنیزمی ئیسلامی و شۆڤینیزمی ناسیۆنالیستیدا!

دەبەن. سەربەخۆ لە جەوهەری چینایەتی و پلاتفۆرمی سیاسی و ئابوری ئەو دوو بەرەیە، خەڵکی زەحمەتکێش و چینی کرێکاری تورکیا ئەزمونی دەسەڵاتداری هەردووکیان بە نرخی هەژاری و برسێتی و زیندان و کوشتن تاقی کردۆتەوە. حزبەکەی کمال کلیچدار ئۆغلۆ( جەهەپە) و بەرەی ناسیۆنالیزمی تەقلیدی تورکی، دەیان ساڵ دەسەڵاتی سیاسی ئەو وولاتەیان بەدەستەوە بوو، تا پێش هاتنی دەسەڵاتی ناسیۆنال-ئیسلامی حزبی دادوگەشەپێدان و ئۆردوگان نزیکەی ٢٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەوە دوو دەیەشە ئەزمونی دەسەڵاتی حزبی دادو گەشەپێدان (ئەکەپە) دەکەن. بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لەم کێشمەکێش و جەمسەرگیریەدا لەنێوان دوو باڵی بۆرژوازی تورکی و دوو ڕەوتی ناسیۆنال - شۆڤێنزمی تورکی و ناسیۆنال-ئیسلامی شۆڤینیزمی تورکیدا، هەڵوێستی (پەیەدە)یە کە لەم پرۆسەیەدا لەپاڵ بەرەی ناسیۆنال-شۆڤینیزمی تورکیدا ڕاوەستاوەو پەیامی سەرکەوتنی پاڵیوراوی ئەوان، واتە کەمال کلیچدار ئۆغلۆ، بەسەر ئوردوگاندا وەکو کرانەوەی دەرگای بەهەشت بەڕووی پرسی کورد و بەرژەوەندی سیاسی خەڵکی کوردزمانی تورکیا ناوزەد دەکات.

گومان لەوە نیە کە ئۆردوگان و دەسەڵاتی حزبەکەی و بزوتنەوەکەی، واتە ناسیۆنال -ئیسلامی تورکی، نەخشێکی گەورەی دیوە لە داسەپاندنی هەژاری و برسێتی و سەرکوتی سیاسی و کوشتار و زیندانیکردن و قەدەغەکردنی هەڵسوڕانی ڕێکخراوە کرێکاری و کۆمۆنیست و ئازادیخوازەکانی تورکیا، هەروەکو سیاسەتێکی دڕندانەو فاشیستانەی دژ بە خەڵکی کوردزمانی تورکیا پەیڕەوکردوەو بگرە لەدەرەوەی سنوری تورکیاشدا هەوڵی سەرکوتی هەرجۆرە جموجوڵێکی سیاسی کردوە کە پەیوەندیان بە پرسی کوردەوە هەبووبێت. بەڵام ڕەوتی ناسیۆنالیزمی تورکی و ئەتاتورکیزم و حزبەکەی کەمال کلیچدار ئۆغلۆش لەماوەی دەسەڵاتداری خۆیاندا، ئەگەر لە ئۆردوگان و حزبی دادوگەشەپێدان زیاتریان نەکردبێ دژ بە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی تورکیاو خەڵکی کوردزمانی تورکیاو بگرە خەڵکی کوردزمانی وولاتەکانی هاوسنوری تورکیا، ئەوا کەمتریان نەکردوە. بگرە لە تاوانەکانیدا حزبی دادو گەشەپێدان وەکو میراتگری حزبەکەی کەمال کلیچدار ئۆغلۆ هەژمار دەکرێ و پارێزگاری لە پێناسەی ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی تورکی کردوە، به بۆن و بەرامەی ئیسلامیەوە!

بەرنامەی کەمال ئۆغلۆ و حزبی (جەهەپە) و بەرەی میللەت، چارەسەری پرسی کوردی تێدا نیە. ئەگەر بۆ کەمپینی هەڵبژاردن و قورسکردنی تای تەرازوی هاوسەنگی بەلای خۆیاندا، لەبەرامبەر ئۆردوگان و حزبەکەی و هاوپەیمانەکانیدا ئەمڕۆ پێویستیان بە دەنگی (هەدەپە) هەیە و ڕەنگە هەندێک بەڵێنی کاتی هەڵبژاردن بدەن، ئەوا گومان لەوەدا نیە کە دوای تەواوبوونی تای هەڵبژاردن، ئیتر بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و ستراتیژیەکانی بۆرژوازی تورکی و ناسیۆنالیزمی مەزنخوازی تورکی کاری خۆی دەکات و بڕیارەکان و هەنگاوەکان دەستنیشان دەکات. هەدەپە لە بێئومێدی و داخرانی ئاسۆی سیاسیەوەو بەپێی خاسیەتە چینایەتیەکەشی وەکو بەشێک لە بزوتنەوەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد لە تورکیا، بەناچاری پەنای بۆ تاکتیکێکی سیاسی بردوە کە خۆشی دڵنیا نیە لە ئاکامەکەی! ئەوەی لەم نێوەدا زیان دەکات و پەلکێشی یاریەکی سیاسی بێئاکام دەکرێ، خەڵکی کوردزمانی تورکیایە!

☆

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان وەکو حزبی چینی کرێکار، خەبات دەکات بۆ ڕێکخستن و ڕابەریکردنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە پێناو هەڵپێچانی سیستەمی سەرمایەداری و کاری بەکرێ و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی خاڵی لە ستەم و چەوسانەوە و نایەکسانی. شۆڕشی سۆشیالیستی تەنها لەڕێگای هاتنەمەیدانی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمکێش، لە ڕیزێکی ڕێکخراو لە دەوری ئاسۆی سۆشیالیستی و بە ڕابەریی حزبی کۆمۆنیستی چینی کرێکاردا مەیسەردەبێت؛ بەم پێیەش پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە لەهەر هانگاوێکدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە پەرەسەندنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی و تەحەزوبی کۆمۆنیستی ئەم چینەوە. دابڕان و سنووربەندی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشە لە ئاسۆ و ئامانج و سیاسەتی بزووتنەوە و ئەحزابی بۆرژوازی. بەتایبەتیش، بەهێزبوونی کۆمۆنیزم لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمی کورد لە ئاستێکی کۆمەڵایەتی بەرفراواندا، مەرجێکی سەرەکی پێشڕەوی و سەرکەوتنی ئەم شۆڕشەیە لە کوردستاندا. هەروەها شۆڕشی کرێکاری لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، بەپێی بارودۆخ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگەیە، لە پرۆسێسێکی جیاواز و لە هەناوی وەڵامدانەوە بەو گیروگرفتانەدا دەڕواتە پێشەوە.**

**لە بەڵگەنامەی "مانیفێستی حزب بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە"**

**پەسەندکراوی کۆنگرەی پێنجەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاری کوردستان/ تشرینی دووەمی ٢٠٢١**

# لە پەراوێزی پێشنیاری یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتیدا!

عوسمانی حاجی مارف

هەڵبژاردنی ئەم جارەی پەرلەمان کە بڕیارە لە ١٨/١١/٢٠٢٣دا بەڕێوەبچێت، لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا لایەنە سیاسییەکان ناچارکراون کەخۆیان ئامادەبکەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەم هەڵبژاردنەدا، کە بۆ خۆشیان ڕۆشن نیە دەرگیری کام بەڵای سیاسی دەبن و ئایندەی پێگەی سیاسیان لە کوێدا دەگیرسێتەوەو چییان بەسەر دێت. ئەم دۆخە لەو شوێنەوە ناچاریە بۆیان کە هەنگاو بەداوی هەنگاودا، دەبینین پێگەی حکومەتی هەرێم لە سایەی حکومەتی عێراقدا بێدەسەڵات ترو بچوکتر دەبێتەوە، واتە هەڵبژاردنی ئەمجارە هەوڵدانێکە بۆ بەرێکردنی ئەو دۆخە ناڵەبارەی دەرگیری لایەنە سیاسییەکانی هەرێم بووە، دەبێت کاردانەوەیەکیان هەبێت.

ئەم ڕۆچونەی هاوسەنگی هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، پاش ٣٠ساڵ زیاتری ڕۆڵی نەرێنیانە، لە هێژمۆنی کۆمەڵگە بە بیری دەمارگیری نەتەوەیی و داگیرکردنی کوردستان بە دەسەڵاتی میلیشیایی، کە جۆرێک نمونەی ڕەنگدانەوەی ئەزمونێکی بن بەست و شکستخواردو بون لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەدا، نەیان ویست و نەیان توانی دابینکەری دۆخێک لە ئارامی و ئاسودەیی سیاسی فەراهەم بهێنن.

گەورەترین کێشەیەک کە لە هەگبەی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا نەگەیشتە ئاکامێکی یەکلایی کەرەوە، هەرگیزیش یەکلایی کەرەوەنابن، نەتوانین و نەویستنی دامەزراندنی "دەوڵەتە"،دەوڵەت لە جوگرافیایەکدا کە سی ساڵ زیاترە حوکمرانی تێدا دەکەن. ئەم حاڵەتە گەورەترین گرێ کوێرە و ئاستی نزمی تەواوی مێژوی هەڵسورانی سیاسی بۆرجوازی کوردە، هەر بۆیە هەمیشە زەلیل و پاشکۆ و ملکەچی بەرژەوەندی سیاسی دەوڵەتانی تر بون.

ئەم واقعیەتە لاسەنگە، پێگەو پراتیک و سونەتی تەواوی حزبە ناسیۆنالستەکانی کوردستانی خستۆتە ناو یەک چوارچێوەوە، کە لە هەمان کاتدا هەمیشەکاریگەری تەواویان لەسەر بەجێ نەگەیاندنی حەتمیەتی یەکریزی وپەرشوبڵاوی خۆیان و گێژاوی سیاسی داناوە.

گەورەترین پاڵەوانی ئەزمونی مەیدانی فەراهەم هێنانی ناجێگیری و گێژاوی سیاسی لە کوردستاندا، ئاشکرایە کە بەمۆری جێگا پەنجەی پارتی و یەکێتی، بە مۆری بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، لەسەر تەواوی کارەسات و ڕوداوە دژی ئینسانیەکاندا واژۆکراوەو مێژویەکی تەڵخە بە ناوچەوانیانەوە.

جیابونەوەی گۆڕان لە یەکێتی و دواتر هەڵسورانی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، نمونەیەکی ترە لە بەرجەستەکردنەوەی درێژەدان بەهەمان هەڵڕشتنی تورەکەی خوڵقاندنی کارەساتەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، کە گۆڕان جگە لە پێکهێنانی دۆخێکی تەماوی ناڕۆشنی کاتی بە ئومێددان، شتێکی تریان نەکرد، دواتر دیمان کاریگەری بەلاو مەینەتیەکان بەسەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستاندا تێژترو قوڵتر بونەوە، چونکە بزوتنەوەی گۆڕان جگە لەوەی لە دایک بوی ڕیزی هەمان چوارچێوەی نەوەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیە، لە هەمان کاتدا نمونەیەکی کۆنەپەرستترو مەترسیدارترە لە ناو پێکهاتەی ناسیۆنالستی کورددا، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان شانسی باشیان هێنا کە ئەم ڕەوتە بە زویی دامرکایەوە و شکستی خۆی سەلماند.

یەکێتی نیشتمانی کە ئێستا لە لوتکەی قەیرانی سیاسی و دۆخێکی ناڵەباردایە، لە چوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی لە ناوچەکەو کێشەکانی لە گەڵ پارتیدا دەرگیرە، کەوتۆتە بەردەم پێگەیەکی زۆر نزمتر لە نێو هاوکێشە سیاسیەکاندا، بەتایبەتی کەوتۆتە نێو دوریانێکەوە لە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقدا، زەحمەتە بتوانێت جێگایەکی سەربەخۆی گونجاو بۆ هەر بڕیارێکی سیاسی و پەیوەندی دیبلۆماسی لە گەڵ پارتی و حکومەتی عێراقدا پەیدا بکات، بە کوردیەکەی لە حاڵەتێکی دۆشداماندا چاوەڕوانی ئەوەیە لەوە زیاتر بچوک بونەوەی خۆی قەبوڵ نەکات، گەر دۆخەکە یارمەتی بدات.

هەروەک لەسەرەتادا دەربارەی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنی ١٨/١١/٢٠٢٣ ئەوەمان دەستنیشان کرد کە لە دۆخێکی تایبەتدا لایەنە سیاسیەکان ناچارکراون خۆیان ئامادەکەن، ئەم هەڵبژاردنە بۆ یەکێتی نیشتمانی بارگرانیەکی زیاتر دەخاتە سەر دەورو پێگە سیاسیەکەی، گەر نەزانێ و نەتوانێ بۆ پاراستنی پێگەی سیاسی لە بەرامبەر پارتی و گەمەی سیاسی لەگەڵ ڕوداوەکاندا باش بجوڵێتەوە،یان بە مامەڵەیەکی گونجاوتر ڕوبەڕوبونەوەی هەلومەرجێکی تازە لە خۆی نیشان نەدات، ئەوە حەتمیە کە دەکەوێتە بەردەم ئایندەی خەسارەتێکی زیاترو مەترسیدارترەوە، لەم سۆنگەیەوە یەکێتی کەوتۆتە بەردەم حاڵەتێک، نە بەشداری لە هەڵبژاردن و نە بایکۆت بەرامبەر هەڵبژاردن، ئاسۆیەکی ڕون ناخاتە بەردەم ئایندەی پێگەی سیاسی و ڕۆڵی لە نێو ئاڵوگۆڕەکاندا. هەر بۆیە بڕیاردان لەسەر بەشداری لە هەڵبژاردندا بەبێ ئامادەبونێک کە نیشانی بدات هاوکێشەکە تا ئاستێک ئەتوانێ زیانی تیا نەکات، دەکەوێتە بەر چارەنوسێکی نادیار و دۆراندنێکی گەورەوە.

ئەم هەوڵەی سەرۆکی ئێستای یەکێتی نیشتمانی بانگەوازی بۆ دەکات کە دەڵێت"یەکیتی بە هەموو شێوەیەک ئامادەیە بۆ هەنگاونان بەرەو ڕێکەوتنێکی نوێ و یەکگرتنەوە لەگەڵ گۆڕان"، فڕێدانی ئەم کارتەو کردنەوەی ئەم دەرگا سەوزە، هەرچەندە قسەی سەرپێی و نافەرمیە،لەو هەوڵانەیە کە بافل دەیەوێت هاوسەنگی هێزەکەی لەو هەڵبژاردنەدا بەهەر شێوازو بەهایەک بووە ساغکاتەوە، بۆ ئەمەش پەنا بۆ گۆڕان دەبات، بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردودا پێگەیەک کە گۆڕان لە ئاستی ڕۆڵی هێزەکەی نیشانیدابن، جگە لە گەڕانەوەی بەردەوام بۆ دواوە ڕوخسارێکی گەشبینی بۆ لایەنگرانی نیە، گۆڕان ئێستا جگە لە کاریکاتۆری هەرەس و پەرشوبڵاوی شتێکی تری پێوە دیارنیە. بە مانایەک ئەو بانگەوازەی بافل دەیەوێت ڕێگەیەک بۆ ڕزگاری یەکێتی لەو قەیرانەی دەرگیری بوە پەیداکات و پێداچونەوە بە دۆستە کۆن و تۆرەو تۆراوەکانی یەکێتیدا بکات، هەر لەسەرەتاوە ئاشکرایە خەریکە پاڵ بە دیوارێکەوە ئەدات کەبناغەکەی، سەرئاوی لافاوێکی لیخن کەوتوە، گۆڕان کاتی خۆی توانی هاوسەنگی یەکێتی بشکێنێ، بەڵام گۆڕانی ئێستا ناتوانێ هاوسەنگی یەکێتی ڕاست کاتەوە.

بەجیا لەوەش پێناچێت گۆڕانیش بەنیاز بێت خۆی بخاتە ناو گێژاوی ئایندەیەکەوە، کە نارۆشنە، لە کاتێکدا یەکێتی نارۆشنە چۆن لەو زەلکاوەی تێیکەوتوە بێتە دەرەوە، ئیترئەم بانگەوازەی بافڵ بۆ یەکگرتنەوەیان هیچ کەڵکێکی بۆ گۆڕان نابێت جگە لە کۆتایی هێنان بەتەمەنی هەڵسورانی سیاسیان بە ناوی گۆڕانەوە.

یەکگرتنەوەی گۆڕان و یەکێتی لەهەر ئاستێکدا ڕێک بکەوێت، بەجیا لەوەی کاریگەری لەسەر هەڵسانەوەی هاوسەنگی یەکێتی نابێت، لەلایەکی ترەوە ئایندەیەکی تەواو تەڵخ دەخاتە بەردەم ئەو هەڵسوراوانەی تا ئێستا لە گۆڕاندا کارێک دەکەن. لەهەمان کاتدا یەکێتیش دەکەوێتە ناو قەیران و گێژاوێکی زیاتر لەوەی کە ئێستا تیایدا دەژی، کەسەری خۆی و گۆڕانیش دەکات بە قورا.

یەکێتی نیشتمانی لەم دۆخەی ئێستادا یەک ڕێگە لە بەردەمیدایە کەئەگەری فرسەتی پاراستنی مانەوەی خۆی بپارێزێت، جا گۆڕان لەگەڵیا پێک دێت یان نا، قەبوڵ کردنی ئەو قەدەرانەیە کە پارتی لە ئێستادا مامەڵەی لە گەڵ حکومەتی عێراق و هەلومەرجی پاراستنی سەرمایەگوزاری و جۆرێکی تر لەتاڵانچێتی خۆی ڕێکدەخات ، چونکە یەکێتی هاوشان وهاوکاری تەواوی پارتیە لە داسەپاندنی حکومەتی دژی خەڵکیدا، هەر بۆیە ناچارە پێشوازی لە پەیامەکەی بارزانی بکات و بڕواتە ناو هۆڵی کۆبونەوەکانەوەو پێویست ناکات پۆزی بەرژەوەندی خەڵک بجونەوە

☆

# ژەهراویکردن لەبری بەکارهێنانی فیشەک

## عوسمانی حاجی مارف

گەر بەچاوخشاندنێک،بە تەواوی مێژووی هەڵسوڕانی سیاسی حزب و لایەنە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بچینەوە، حاڵەتێکی سەرسام و نامۆ نیە، گەر گەواهی لەسەر ئەوە بدەین کە لە مامەڵەی کێشە سیاسی و فکریەکانی نێوانیاندا، هەمیشە پەنایان بۆ زیندان و ئەشکەنجەو تیرۆر و شەڕی چەکداری بردووە، ئەم حاڵەتە کە سونەت و نەریت و هزری سیاسی سەرکردەو بەرپرسەکانەو تا ئێستاش هەر لەو ڕوانگەیەو بەو چاویلکەیەوە دنیای کێشمەکێشی سیاسی دەبینن، کە بۆ یەکلایی کردنەوەی بۆچونەکان و جیاوازی سیاسی و کێشەکانیان، تەنها ئەو ڕێگایە دەزانن، کە کۆتایی بە ژیانی بەرامبەرەکەیان بهێنن، لە هەمان کاتدا بەهێزی چەکداری بڕیار لەسەر کۆتایهێنان بەلایەنی بەرامبەریان ئەدەن، هەڵبەتە بۆ ئەم حاڵەتە، لایەنەکانی ئیسلامی سیاسیش نەک کەمیان نەکردووە، جگە لە پاکسازی ژیانی ڕەقیبەکانیان، شتێکی تر نازانن و هیچی تریان پێ ناکرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە پێداچونەوە بەو مێژووە ڕیسواو چەپەڵەی ناسیۆنالستەکانی کوردستاندا، گەر دادگایەک هەبێت لەم تاوانانە بپرسێتەوە، هیچ پێویستیەکمان بە بەڵگەو سەلماندن نابێت، چونکە بۆ خۆیان لەوبارەیەوە لەبەرامبەر یەکدا چەندین کتێب و وتارو بەرنامەیان تۆمار کردووە، کە دەگێڕنەوەو دەیسەلمێنن چەندە ڕۆڵیان لە بەجەنگەڵستان کردنی کوردستاندا بینیوە، تاوان بەدوای تاوان و زنجیرەیەک لە چیرۆکی کارەساتباریان داڕشتوە، ئەم حاڵەتە بە جۆرێک سایەی کردوە لە کوردستاندا، کە بۆتە هەوێن و هەستێک بۆ نوسینی درامای تراژیدی بۆ ئەو چیرۆک نوسانەی بە زمانی کوردی دەنوسن.

مەسەلەیەک پێویستە ئاماژەی پێبدەین، پاش گێڕانەوەو نوسینەوەی ئەو هەموو ڕۆمانە ڕاستیانە دەربارەی پێشلکردنی ئازادی سیاسی و لێدان لە ئازادی بیروباوەر، جگە لەپیادەکردنی کوشتن و ڕفاندن و زیندانی کردن، لە ئێستادا دیاردەی "ژەهراوی کردن" وەک هونەرێکی تازەی بەکارهێنان بۆ تیرۆری خاوەن هزری سیاسی جیاواز،وەک ئەزمونێک سایەی بەسەر مامەڵەی لایەنە سیاسیەکاندا کردووە،لە هەواڵەکاندا وەک کردارێکی ئاسایی باسی لێوە دەکرێت، کە فڵانە کەس بە خواردن ژەهراوی کراوە، یان کەسێک بۆ خۆی

رایدەگەیەنێت کە ژەهراوی کراوم، هەڵبەتە ئەم دیاردەیە لەو شوێنەوە سەرچاوەی گرتووە، ئاشکرایە هەر لەو سونەت و نەریتەوەیە کەهێزە میلیشیاکان لە بەجێگەیاندنی تیرۆر و شەڕی چەکداری بۆ پاکسازی یەکتر بەکاریان هێناوەو بەکاری دەهێنن، بەڵام دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و پێگەوئاستی هاوسەنگی هێزە میلیشیاکان، لە نێو ئەو دۆخە سیاسیەدا توانای ئەو هەلەیان کەمتر بەدەستەوەیە کە بەشەڕی چەکداری و تیرۆری راستەوخۆ بە فیشەک بتوانن کێشەکانی نێوانیان مامەڵە بکەن. بەڵام کەسان و لایەنی دژی ئازادی بیروراو دژی ئازادی سیاسی، پەکیان لە هەوڵی داهێنانی نەخشەو پلانی پاکسازی یەکتر ناکەوێت، ژەهراویکردن کە دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە، بە نهێنی و هێمنی ئەنجام ئەدرێت، تائێستاش سەلماندنی تاوانبارکردنی هیچ کەیسێک لەو بارەیەوە ئاشکرا نەکراوە، بەلاّم وەک تارماییەک بەسەر ژیانی هەر کەسێکی سیاسی لە کوردستاندا وەستاوە لە چاوەڕوانی ئەو ساتەدایە کەبەو رێگەیە کۆتایی بە ژیانی بهێنرێت.

کاتێک باس لە هەر ئێوارە خوان و نیوەڕۆ خوان، یا قاوە خواردن و چا خواردنەوە دەکرێت، کە لە میوانداری نێوان ئەو لایەن و حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەڕێوەدەچێت، پێموایە هیچ بوارێک بۆ متمانەکردن بەیەکتر لەو کۆبونەوەو میوانداریەدا مانای نەماوە، کەسیان دڵنیا نین لەوەی ئەو خواردن و خواردنەوانەی دانراون، ئاخۆ ژەهری تێدایە یان نا، بەڕاستی ئەم دۆخە مەترسیدارەو ئەوپەڕی ریسوایی و شەرماوەرە، چونکە تەنها وێنایەک نیە کە بوترێت پێموابێت لەوانەیە ژەهراوی بێت، بەڵکو بەداخەوە ئەوە راستیەکە کە بۆ خۆیان لە چەندین بۆنەدا رایان گەیاندووە و باسی خراپی باری تەندروستی خۆیان کردوە.

پێموانیە هیچ متمانەو رێگایەک مابێت بۆ چارەسەری ئەم دەردە کوشندەیە، چونکە واقعیەتی هەڵسورانی بزوتنەوەی کوردایەتی خاوەنی چەندەها گرێوگۆڵ و پێچوپەنای لەم جۆرەیە، ئەوەی پێویستە کە تا ماڵئاوایی ئەم بزوتنەوەیە رادەگەیەنرێت، تەنها ئەو ئامۆژگاریەیە کە پێویست ناکات لە هیچ کۆبونەوەو میوانداریەکدا خواردن و خواردنەوە دابنرێت، یان گەر دانراب و پێویست ناکات فشار بۆ کەس بهێنرێت کە بخوات و بخواتەوە.

☆

# باسی تاوانەکانی نەوشیروانیش بکەن؟

## مستەفا باهیر

شەس ساڵ بەر لە ئێستا، لە رۆژی ١٩ی ئایاری ٢٠١٧ "نەوشیروان مستەفا " لە شاری سلیمانی ژیانی لەدەستدا ، ئەویش وەک هەمو سەرکردەکانی تری کورد لەسەر وەسیەتی خۆی گردێکی داگیر کرد و لە گردی زەرگەتە تەسلیم بەخاکیان کرد. لە یادی شەش ساڵەی مردنیدا، بزوتنەوەی گۆران هەفتەیەکیان راگەیاندوە بە ناوی هەفتەی وەفا بۆ نەوشیروان. ژمارەیەک لە گۆران خوازان ئەوانەی کە بەرژەوەندی باشیان هەیە لەو بزوتنەوەیەداو لەسەروەت و سامانی دزراوی خەڵکی کودستان پشکیان هەیە، کەوتنە پیاهەڵدان بەسەر نەوشیران مستەفاداو بە کەسێکی شۆڕشگێڕو نوسەرو رونانک بیرو باوکی هەژاران و ئەندازیاری راپەرین و زۆری تر وەسفیان کرد. بەبێ ئەوەی باسێکی تاوانەکانی بکەن. چونکە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی کوردستان، "نەوشیروان مستەفا " بە تاوان بار دەزانن و پێیان وایە کە چەندەها تاوانی ئەنجام داوە. لەدوای راپەڕین بەشێک لەو کەسانەی کە لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیدا بوون یاداشتیان نوسیوە، چ ئەوانەی کە هاوسەنگەری بوون یاخود ئەوانەی کە نەیاری بوون لە یاداشتەکانی خۆیاندا دان بەوەدا دەنێین کە نەوشیروان چەندەها تاوانی ئەنجام داوە. ئەگەر باسی هەمو ئەو تاوانانە بکەین کە نەوشیروان ئەنجامی داوە، دەبێت چەندەها کتێب بنوسین . بۆیە بەناچاری دەبیت زۆر بەکورتی باسی جەند تاوانیک بکەین کە نەوشێروانی پێ تاوانبارکراوەو تاوەکو ئێستاش هیچ کام لە هەوادارن و ئەندامانی بزوتنەوەی گۆرن لەسەر ئەو تاوانانە هیچیان نەوتوە.

نەوشیروان تاوانبارە بەوەی کاتێک لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابوردوو ،کە شەری "مەلای و جەلالی "هەبوو ئەو لە بەکرەجۆ بە رێوەبەری بەندیخانە بوە ، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە ئەشکەنجەی بەندیەکانی داوە . لەساڵی ١٩٧٠ بەهۆی رێکەوتنی حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا و ماڵی بەرزانی خەڵکی کوردستان بەو بۆنەیەوە شادیان دەگێرا. لە شاری سلیمانی نارنجۆکێک خرایە قوتابخانەی ئامادەیی کچانی سلیمانی چەند کەسێک بوونە قوربانی نەوشیروان بەو کردەوەیە تاونبارکرا ، نەک نەچوە بەردەم دادگا بەڵکو بەهاوکاری بەعس لە رێگای بەغدادەوە خۆی گەیاندە نەمسا. لە دوای ئاشبەتاڵی ماڵی بەرزانی لەساڵی ١٩٧٥ و دروست بونی یەکێتی نیشتیمانی. (نەوشیروان موستەفا) لەساڵی

١٩٧٦ تاوەکو ئەوکاتەی بزوتنەوەی گۆران دروستدەکات،کەسی یەکەم و ئەندازیاری جەنگی نێوخۆی هەمو هێزەکان بوە هەمیشە هەوڵی داوە بۆ سڕینەوەی هەمو لایەنە سیاسیەکانی تر. لەساڵی ١٩٨٢ کەوتە سڕینەوەی ئیسلامییەکانی لە حاجی مامەند،پاشان هێرشی کردە سەر چەکداران و ئەندامانی (حشع) لە قرناقا و پشت ئاشان و کوشتنی هەمو دیلەکان،هەروەها لیدانی چەکدارانی حسک لە ساڵی ١٩٨٤ لە دەشتی هەولێر. هەروەها نەوشیروان مستەفا بە ووتەی جەلال تالەبانی بەبێ ئاگاداری م.س یەنک و خودی جەلال تالەبانی کۆمەڵێک کەسایەتی لەناوشاری سلیمانی وەک" نوریێ حەمەعلی ، عبدولی سۆران " و چەندەهای تر تیرۆرکردوە ، بەهۆی ئەوەی کە سەردەمانێک پارتی بوون. کاتێکیش کە گەڕانەوە ناوشار و دەسەڵاتیان گرتە دەست یەکەمین کارێک کە ئەنجامیدا دەستی کرد بە کوشتنی سەدان ژن بە بیانوی ئەوەی کە پەیوەندیان بە دەزگای ئەمنیەکانی بەعسەوە هەبوو، بەلام هەرخۆیان ژمارەیەک لە موستەشار و پیاوانی بەعسیان لایخۆیان دەپاراست. هەر لەوکاتانەدا کەوتنە ترۆرکردنی کەسانی وەک عەلی بۆسکانی، سۆرانی (حشع) و بەکر عەلی، حەمە حەلاق . هەروەها لە مانگی تەموزی ساڵی ٢٠٠٠ لە ناوجەرگەی شاری سلیمانی بە رۆژی روناک پێنج کادری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراقیان تیرۆر کرد تەنها هۆکاریش ئەوە بوو کە ئەوان وەک نەوشیروان بیریان نەدەکردەوە.

نەوشیروان مستەفا بێجگە لەوتاوانانەی کە کردویەتی جەلال تالەبانی تاوانباری دەکات بەوەی کە هۆکاری کیمابارانی هەڵبجە بوە بەهۆی ئەوەی کە پێش لەشکری کردوە بۆ سوپای پاسداران بۆ سەر بیرە نەوتەکانی کەرکوک و شارۆچکەی هەلبجە و بیانوی داوە بەدەست درندەیەکی وەک سدام حسینەوە تا تاوانی هەڵبجە ئەنجام بدات.

" نەوشیروان مستەفا" زۆر جار بە شێوەیەکی دیماگۆجیانە( Demagogue) خەڵکی کوردستانی چەواشەکردوە، سەردەمانێ کە لە جیهان و ناوچەکە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی تیا بەهێز بوە خۆی وەک مارکسیەک پیشاندەدا و بو بە سکرتیری کۆمەڵە کە ڕیکخراوێکی مارکسی لینین بوو، بەلام لە دوای روخانی سۆڤیەت نەوشێروان ووتی هیچکات باوەرم بە مارکس نەبوەو هیچ کات مارکسی نەبووم، لەکاتیکدا کە سکرتێری ڕیکخراویک بوە کە بە هەزاران کەس لەلایەن بەعسەوە لەسەر ئەندام بوون یاخود هاوکاری کردنی ئەو ڕیکخراوە گیران و بەشێکی زۆریان لە سێدارە دارن .لەکاتیکدا کە خەڵکی کوردستان دژی دەسەڵاتی کورد لە ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ راپەرین، نەوشیروان مستەفا سەرڕای ئەوەی کە خەڵکی بە گێرشێوەن وەسف کرد، بەشێوەیەکی دیماگۆجیانە توانی سواری شەپۆلی راپەرینی خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان ببێت لە دوای کوشتنی دەیانکەس لە خەڵکی راپەریو ، هەر ئەوەندەی بارزانی بانگی نەشێروانی کرد بۆ سەری رەش نەوشیروان ئەوەندە بە پەلە چوو بەدەم داواکەی بەرزانیەوە لەبیری چوو قایشی پانتۆەکەی ببەستێت. دوای ئەوەی لەگەل بەرزانی ریکەوت بەڵێنی چوارساڵی ئارمی پێدا بەناوی بنیاتنانی دامەودەزگای دەوڵەتی کەوتە پشتیوانی کردنی پەرلەمانێک کە خۆی لەهەموکەس باشتر دەیزانی کە پەرلەمان و ئەوسیستەمەی کە دەسەڵاتی کوردی لەسەر بنیات نراوە هیچ کات لەبەرژەوەندی خەڵکی هەژاری کوردستان نیەو نەبوە.

لە لایەکی ترەوە بەشێکی زۆری گۆرانخوازان هەمیشە باسی ئەوە دەکەن کە نەوشیروان مستەفا کەسێکی پاک بوە هیچ کات هەوڵی نەداوە وەک بەرپرسەکانی تر سەروەت و سامان کۆ بکاتەوە، بەلام هەمومان بینیمان کاتیک کە دکتۆرەکان ئاگاداریان کرد کە نەخۆشیەکەی کوشندەیە بە پەلە گەڕایەوە بۆ کوردستان و هەرچی هەبو لە مارکێت و کارگەو گردی زەرگەتە کە روبەرەکەی زیاتر لە ١٢٢ دۆنم زەوی دەبێت کردی بەناوی کورەکانیەوە . لەکۆتایدا دەمەویت بڵێم نەشیروان مستەفا ئەوە نیە کە گۆران خوازان باسی دەکەن، بەڵکو کەسێکی تاونبارە و کۆمەڵیک سکاڵای لەسەر بوە ، بۆیە لەهەر شوێنێکی تری ئەم جیهانەدا بوایە شوێنی نەوشیروان مستەفا زیندان دەبوو . هەروەها هەندیک لە گۆرانخوازان پێیان وابوو کە نەوشیروان کەسێکی ئازادیخوازو پێشکەوت و خوازە، بەلام لە راستیدا نەوشیروان کەسێکی کۆنەپەرست و دژە ژن بوو لە شارو لە شاخ.

★

**لەڕوانگەی کرێکاران و جەماوەری نارازیەوە ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئێستا و ئەو گێژاو و میحنەتەی کە خەڵکی کوردستان تێی کەوتوە، تەنها دەستبردنە بۆ ڕاپەڕین و شۆڕش، کەنەک هەر دەسەڵاتی حزبەکانی وەک یەکیەتی و پارتی کۆتایی پیبهێنێ، بەڵکو سیستەمێک لەدەسەلاتی سیاسی و ئابوری دامەزرێنی کەخواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش بەکردەوە دەربهێنێ.**

# هەڵبژاردنی بۆرژوازی زەوتکردنی ئیرادەی جەماوەری چەوساوەیە!

ئیبراهیم حسین

هەموومان سێرکی بەسەر و گوێلاکی یەکترداکێشانی نوێنەرانی موحتەرەمی چینی دسەڵاتدارمان بینی. بینیمان چۆن دڵیان گەردی گرت و داروپەردوی ئەو پەرلەمانە نازەنینەیان لەسەری یەکتردا شکاند. سەرباری ڕواڵەتی شیک و پێکەنیناوی ئەم دڵ لەیەک ئێشان و بەیەکداهەڵشاخانە، پرسیارێک کە بە زەینی هاوڵاتیاندا دێت ئەوەیە چی وایکردوە ئەم زاتانە کە کاریان ئەوەیە بە ناوی نوێنەرایەتی خەڵکەوە نان بخۆن و کەیف بکەن، دەست بدەنە یەخەی یەکتر و بە یەکدا هەڵشاخێن؟

مەسەلەکە ڕوونە. چینی دەسەڵاتدار و حیزب و دەستەبژێری ئەو چینە خەریکن بەرەوپیری سێرکێکی سیاسی گەورەترەوە دەچن کە ناویان لێناوە هەڵبژاردن. ئەم سێرکە سیاسیە پێویستی بە نمایش و سێرکی ورد و درشتی تری لاوەکی هەیە تا لە ڕیزی چینە بێبەشەکان و هاوڵاتیانی کوردستان موشتەری بۆ پەیدا بکەن و ئەمجارەش کۆمەڵێک نانخۆری تر لە ڕیزی چینەکەی خۆیان، لە ڕیزی هەمان خانەوادەی سیاسی خۆیان بە ناوی نوێنەرایەتی خەڵکەوە ساغ بکەنەوە. لەوەش گرنگتر تا ئەم دەسەڵاتە ناقابیلەی چینی دارای ئەمڕۆ کە پشتی داوەتە چەک و میلیشیا و ژیانی ئازاد و خۆشبەخت، سەروەت و سامان و ئیمکاناتی کۆمەڵگەی بە بارمتە گرتوە، وەک بەرهەمی دەنگدان و هەڵبژادن بشەرعێنن. ئەم سێرک و نمایشی لێک توران و بە یەکداهەڵشاخانە بۆ گەرمکردنی پێشوەختی ئەم بازاڕەیە. ئەگەر ئەمە نەکەن دەتوانن چیتر بەو کرێکار زەحمەکێشە بڵێن کە دەمێکە دەڵێ دنیای ئێمە و ئێوە دوو دنیای جیاوازە، کە پێیان دەڵێ دەسەڵاتی ئێوە، بەرژەوەندی ئێوە، دەوڵەتداری و چەک و میلیشیا و پەرلەمانی ئێوە لە سەر چەوسانەوەی ئێمە، لە سەر بێمافی ئێمە، لەسەر بێخانە ولانەیی و بێکاری و هەژاری ئێمە ڕاوەستاوە.

لە هەلومەرجێدا کە لە پێشدا یەکلا بۆتەوە کێ دەسەڵاتە و کێیە کە سنوری ئازادی و ئازادی قسەکردن و ڕێکخراو بوون و هەڵسورانی سیاسی و دەربڕین دیاری دەکا، یەکلابۆتەوە کە کێ ئابوری و ئیمکانات و سەروەتی کۆمەڵگەی لە دەستە، یەکلا بۆتەوە ئەگەر کرێکار و هەڵسوڕاوی کرێکاری و ڕابەرانی ڕادیکاڵ بێن و بڵێن ئەم شێوە ژیانەمان قبوڵ نیە و بڵێ کە خەڵک مافی هەیە چارەنوسی خۆی و کۆمەڵگەکەی خۆی دیاری بکا، کێ دەست دەبا بۆ چەک و داپڵۆسین و زیندان، هەڵبژاردن و ئازادی هەڵبژاردن ئیدیعایەکی پوچی چینی دەسەڵاتدارە و زەوتکردنی مافی چینی کرێکار و چینە بێبەشەکانە بۆ هەڵسوڕانی سیاسی ئازاد لە پەیوەند بە گرتنە دەستی دەسەڵات و دیاریکردنی چارەنوسی کۆمەڵگە و تاپۆکردنیەتی لەسەر چینی دەسەڵاتدار.

چینی دەسەڵاتدار لیاقەتی ئەوەی نیە فەزای ئازاد و دور لە ترس و سەرکوت و زیندان و نانبڕین و هەر شێوازێکی تری دەوڵەتی و سەرودەوڵەتی تۆقاندنی خوارەوە و بەشی چەپ و سۆسیالیستی کۆمەڵگە قبوڵ بکا، چونکە ئەگەر ئەوە قبوڵ بکا و هەڵبژاردنێکی ئازاد هەبێ ، دەرفەتی کار و هەڵسوڕانی ئازاد و بێترسی نان بڕین و هەڕەشەی میلیشیا و زیندان و ڕفاندن لەئارادابێ و چەپ و سۆسیالیزمی کۆمەڵگە لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا لە جەدەلی سیاسی لەسەر دەسەڵات و چارەنوسی کۆمەڵگە دەستیان بە کۆمەڵگە و دڵی چینەکەی خۆیان و بێبەشان ڕابگا و تەلەفیزیۆن و ڕاگەیاندنی گەورە و پڕ تیراژیان هەبێ و کرێکار و زەحمەتکێش بتوانن بڕیار بدەن و هەڵبژێرن لەنێوان ڕێگاچارە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان، ئەوا بێگومان ئەو ڕێگاچارە و ئەو سیاسەت و ئەو هێزانەیان هەڵدەبژارد کە لەگەڵ ئاوات و ئامانجی ئەوان بۆ ژیانێکی باشتر دا دێنەوە. ئەوکات لەوەها کەشوهاوایەکدا چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگە قبوڵیان نەدەکرد کە دەسەڵاتێکی سەروخەڵکی ژیان و چارەنوسی ئەوان بەو شێوە کۆنەپەرەستانەیە دیاری بکا و چەپ و سۆسیالیزمیان هەڵدەبژارد. بۆیە ئەوان لەهەر کەشوهەوایەکی سیاسی بەڕاستی ئازاد لەو دەعوا و کێشمەکێشە چینایەتیەدا بە چەپ و سۆسیالیزم دەدۆڕێن. بەو هێزە کۆمەڵایەتیە دەدۆڕێن کە دەڵێ ئازادی و ڕزگاری واقیعی بەپێی مەنتیق لەگەڵ چەوسانەوە و کۆمەڵگە و دەسەڵاتێک کە لەسەر چەوسانەوەی مرۆڤ، لەسەر کۆیلایەتی کرێگرتە و دەسەڵاتی سەرمایە، لەسەر داماڵینی زۆربە لەهەر جۆرە دەرفەتێک بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی خۆ و لەسەر بێئیرادەکردنی مرۆڤ ڕاوەستاوە، نایەتەوە.

چینی دەسەڵاتدار ناتوانێ بە کارتی سوتاوی هەڵبژاردن و بەڕێخستنی سێرکی سیاسی لیاقەت و لێوەشاوەیی

⇦

خۆی بۆ چینی کرێکار و بێبەشانی کۆمەڵگەی کوردستان بسەلمێنێ. ئەگەر کەمترین لیاقەتیان هەیە و لە خۆیان ڕادەبینن فەرموون سێبەری چەک و ملیشیاتان لەسەر کۆمەڵگە لابەرن، ئازادی هەڵسوڕانی سیاسی بۆ غەیری خۆتان، بۆ چەپ و سۆسیالیزمی کۆمەڵگە بە ڕەسمی قبوڵ بکەن، لێگەڕێن با ئیمکاناتی کۆمەڵگە کە بۆ چالاکی سیاسی و گەورەی کۆمەڵایەتی پێویستە بەهەمانشێوە کە بۆ ئێوە بەردەستە، بۆ چەپ و سۆسیالیزمی کۆمەڵگەش فەراهەم بێ، میدیا و ڕاگەیاندنی گەورە وەک بۆ ئێوە بەردەستە بۆ سۆسیالیزمی کۆمەڵگە و ڕابەرانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی کۆمەڵگەش بەردەست بێ، ئەوکاتە دەکرێ ببینین کە چینی کرێکار و چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگە لەو دەعوا و کێشمەکێشە کۆمەڵایەتیەدا چ کەسانێک و کام هێز و کام بەرنامە و ئەڵتەرناتیڤی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵدەبژێرن؟ هەمان بەدبەختی چینایەتی و هەمانشێوە ژیانی چینایەتی تائێستا هەڵدەبژێرن یان سۆسیالیزم و ئاسۆی ڕزگاریەکی واقیعی سۆسیالیستی؟

تائەوکاتەی ئەمە لە ئارادا نیە، هەڵبژاردن و دەنگدان درۆیەکی بێمانا و پوچی چینی دەسەڵاتدارە.

★

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

## مەنسور حیکمەت

ئەم چەند دێرە بەشێکە لە قسەوباسی مەنسور حیکمەت کە لە پلینۆمی ١٥ ی کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران، ڕۆژانی ١٨-٢٠ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٠ پێشکەشی کردوە. سەرەڕای ئەوە، ئەم باسە نزیکەی ٢٣ ساڵ لەمەوبەر پێشکەش کراوە، هەندێ مەسەلەکە کە مەنسور حیکمەت پێشبینی دەیکات لەپەیوەند بە ململانێی نێوان باڵەکانی ڕژێمی ئیسلامیەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتوە، بەڵام لێکدانەوەکەی بۆ پێگەی ئیسلام لە ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا و سیناریۆکانی ڕوخان و سەرنگونی ڕژێمی ئیسلامی و مەسەلەی ڕاپەڕین و شۆڕش و نەخشی ڕاست و چەپ تێیداو سەرەنجام دەوری جەماوەر خەڵک لەو پرۆسەیەدا بۆ ئێستاش کە خرۆشانێکی جەماوەری لەئێراندا بەڕێوەدەچێت، جێگای تێڕامان و لێوەفێربوونە.

“..........ئەوەی لە ئێران ڕوویدا ئەوەیە کە پرۆسەیەکی نارەزایەتی سیاسی جەماوەری دەستی پێکردووە کە نارازیبوونی خەڵک دەردەخات؛ بەڕای من هەموو توخم و پێکهاتە جیاوازەکانی ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لەژێر ئەم نارەزایەتییە سیاسییەدا دەبینرێن. ئابوری ئێران ئەوەندە بەرهەم ناهێنێت کە خەڵک چاوەڕێ دەکات دەستی بکەوێت و خەرجی بکات. قەیرانێکی ئابووری لەئارادایە و ڕێکخراوی ئابووریش لە پشێویدایە. لەڕووی سیاسییەوە سەرکوت زاڵە، خەڵک سەرکوتیان ناوێت. لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە حکومەتی ئایینی حوکمڕانی دەکات، خەڵک حکومەتێکی ئایینی ناوێت. هەموو ئەم توخمانە لە نارەزایەتی خەڵکدا ئامادەن، چ لە دۆخی ئابووری، چ لە سەرکوتی سیاسی، چ لە دۆخی ئایدیۆلۆژیی حکومەتدا. ئەگەر ئەم دووانەی ئەخیر واتە سەرکوتی سیاسی و دۆخی ئایدیۆلۆژی نەبوونایە و تەنها دۆخی ئابووری خراپ بووایە، خە لَک دەچوون دەنگیان بە پارتێکی چەپ دەدا بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکەی. یان ئەگەر کێشەکە تەنها ئایدۆلۆژیا بووایە و ئابوری گەشەی بکردایە، ڕەنگە خەڵک زۆر نارەزایەتیان دەرنەبڕیایە، دانیان بەجەرگی خۆیاندا بنایە، چونکە قۆناغی خۆشگوزەرانی ئابووری زاڵە. یان ئابووری باش بووایە، دۆخی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خراپ بووایە، ئابووری لەژێر دەسەڵاتێکی ئایدیۆلۆژیی سەرکوتگەردا کاری خۆی دەکرد، ڕەنگە وەک ساڵانی سەردەمی پینۆشە، خەڵک وردەوردە سیستەمێکیان لیبراڵیزە دەکرد کە نایانەوێت زۆر دەست لە ئابووریەکەی بدەن .

..........................................”

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ ڕێکخراوبوون و ڕزگاربوون لە ئاسۆی سیاسی هێزە بۆرژواییەکان بە سەرکەوتن ناگات..ڕێکخراوبوون و بەهرەمەندبوون لە ئاسۆی سیاسی شۆڕشگێڕانە گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەکانی!**

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533
مۆبایل:0044(0)7394013135
Muhsin_km@yahoo.com
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەماڵ
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com